ئۆرگانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان
دەورەی تازە
# ئۆکتۆبەر
94
10 ی تشرینی یەکەم / ئۆکتۆبەری 2024

## توندبوونەوەی فەزای جەنگ و مەترسی سەرهەڵدانی شەڕ و وێرانکاری!

### پەیامی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان بۆ خەڵکی کوردستان

دوای وێرانکردنی نزیک بە تەواوەتی غەززە و ئەنجامدانی جینۆساید و کۆمەڵکوژی خەڵکی فەلەستین، حکومەتی ڕاسترەوی ئیسرائیل بە سەرۆکایەتی نەتانیاهۆ، ڕووی ماشینی جەنگیەکەی ئاراستەی لوبنان و ناوچەکە کردووە. حکومەتی ئیسرائیل کە دوای نزیک بە ساڵێک لە کۆمەڵکوژی و کاولکاری لە غەززە نەیتوانی بە ئامانجەکانی خۆی بگات بۆ ئەوەی لە سایەی کۆتاییهێنان بە بزوتنەوەی حەماس و گەڕاندنەوەی بارمتەکان، ئاسۆیەک بەرووی دەرهاتنی لەو بنبەست و قەیرانەدا بکاتەوە کە بەرۆکی پێ گرتووە. بۆیە بە ملهوڕی و وەحشیگەرییەکی هەوساربچڕاوەوە بە بیانووی وەستانەوە بەرامبەر بە هێرشەکانی حزبوڵڵای لوبنان بۆ سەر ئیسرائیل، جەنگێکی دیکەی خوێناوی دژی خەڵکی لوبنان بەرپاکردووە و پەیتاپەیتاش هەڕەشەی فراوانکردنەوەی جەنگەکە دەکات تا لە ڕێگای ڕاپێچکردنی ئێران و بەم جۆرەش ڕاکێشانی پای ئەمریکا و دەوڵەتانی ڕۆژاوا تەواوی ناوچەکە نوقمی جەنگێکیماڵوێرانکەر بکات. پەلامارە

بۆ لاپەڕە ٢



## چاوپێکەوتنی بڵاوکراوەی ئۆکتۆبەر لەگەڵ عوسمانی حاجی مارف سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی سەبارەت بە هۆکاری بەشدارینەکردن لە خولی شەشەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان

بۆ لاپەڕە ٣



## بۆچی نابێت لەم هەڵبژاردنەدا بەشداری بکرێت!

دەشتی جەمال

بۆ لاپەڕە ٦



## بۆرژوازی کورد و بەپیرۆز ڕاگرتنی گاڵتەجاری هەڵبژاردنەکان!

عەبدوڵا مەحمود

بۆ لاپەڕە ٨

بەیاننامەی ژمارە ٨ی سێ حزبی کۆمۆنیستی-کرێکاری ناوچەکە:

فراوانبوونی بەربڵاوی تیرۆریزمی بێسنوری ئیسرائیل

لە پەراوێزی تیرۆرکردنی حەسەن نەسروڵڵادا ... لاپەڕە..... ١٠

گۆڕانکاری لە ڕوخساری ناوچەکەدا

عوسمانی حاجی مارف ..... لاپەڕە ........١١

**ئازادی، یەکسانی، حکومەتی کرێکاری!**

# درێژەی.......توندبوونەوەی فەزای جەنگ و مەترسی سەرهەڵدانی شەڕ و وێرانکاری!

ئاسمانیەکان و بۆردومان و کردەوە تیرۆریستیەکانی سوپای ئیسرائیل بۆ سەر بەیروت و شاروشارۆچکە سنوریەکانی دیکەی لوبنان، سەدان کەس کوژراو چەند هەزار برینداری لێکەوتۆتەوە و زیاتر لە یەک ملیۆن کەس ئاوارەبوون. هاوکات لەپاڵ ئەم هێرشانەدا، چەند هێرشی ئاسمانی بۆ سەر دیمەشق و سوریا ئەنجام داوە و ڕۆژانەش هەڕەشەی تۆڵەکردنەوە لە ئێران و کێشکردنی عێراقیش بۆ ناو جەنگ دەکات. بەمجۆرەش تادێت ناوچەکە لەبەردەم ئەگەری جەنگێکی ناوچەیی و ئاسەوارە زیانبارەکانیدا دادەنێت.

حکومەتی نەتانیاهۆ، کە لەئاستی ڕای گشتی دنیادا ڕیسوا و تەریک کەوتۆتەوە و لەناوخۆشدا لەگەڵ قەیرانێکی حکومەتی بەرەورووە، پێویستی بە شەڕ و فراوانکردنەوەی شەڕەکەیە تا هەم خۆی دەرباز بکا و هەم دەستەی فەرمانڕەوای ڕاستڕەو و فاشیستی ئیسرائیل یەکدەست لەپشتی خۆی و حکومەتەکەیدا ڕابگرێ. هاوکات نەتانیاهۆ بە تەواوی توانایەوە لە هەوڵدایە بۆ ڕاکێشانی ئێران و کۆماری ئیسلامی بۆ ناو ئەم فەزای جەنگی و تیرۆریستیە و ئەو کاولکاریەی دەستی داوەتێ. ئەمەش نەک تەنها لەلایەن ئەمریکا و بەریتانیا و دەوڵەتانی ڕۆژئاواوە بە چەکی قورس و وێرانکەر و بە دەزگا هەولگریەکانیان هاوکاری و پشتیوانی لێ دەکرێ، بگرە جڵەوی تەواوی بۆ شلکراوە، تا جەنگ و کاولکاری وەک ڕێگایەک بۆ خۆدەربازکردن لەو بنبەست و بێئاسۆییەی تێیدا چەقیوە بە دەستەوە بگرێ و جەنگ بکاتە تارمایی و کابوسێک بەسەر هەموو ناوچەکەوە.

ڕژێمی کۆنەپەرستی ئیسلامی ئێران، هەروەک ئەوەی ڕایگەیاندووە کە نایەوێت بچێتە ناو جەنگێکی فراوانی ناوچەییەوە، چونکە بەرژەوەندی خۆی لە هەڵگیرسانی جەنگێکی هەمەلایەنەدا نابینێتەوە. بەڵام فریوکارانە و ڕیاکارنە دەیەوێ ئەو کارەساتەی دەوڵەتی دەڕندەی ئیسرائیل بەسەر خەڵکی فەلەستین و لوبنانی هێناوە بەدەستەوە بگرێت. مانەوەی کێشمەکێشەکانی لەم ئاستەی ئێستادا لەگەڵ ئیسرائیل، لەچوارچێوەی پروپاگەندە و جەنگی دەروونی و جارجارەش شەڕە مووشەک، هەم خۆی لە پۆزی خاوەندارێتی مەسەلەی فەلەستین و بەرگری لە خەڵکی بێدەرەتانی لوبنان و "ئومەتی ئیسلام" نیشان بدات و هەم هێزنمایی بکا و هێزە میلیشیا ئیسلامیەکانی سەربەخۆی لە غەززە و لوبنان و سوریا و عێراقدا هەڵخرێنێ و چرنوکی خۆی نیشانی ڕەقیبەکانی بدات. بەڵام ملهوڕی و بەربەریەتی پەیتاپەیتای ئیسرائیل و قودرەتنمایی جمهوری ئیسلامی، ئەگەری فراوانبوونەوەی جەنگە و گۆڕانی بۆ شەڕێکی هەمەگیر کە هەموو ناوچەکە بسووتێنێ کردووە بە مەترسییەکی جدی و هەڕەشە لە هەموو خەڵکی ناوچەکە دەکات. شەڕفرۆشی ئیسرائیل و جڵەوشلکردن و هاوکاری هەمەلایەنەی لەلایەن ئەمریکا و دەوڵەتانی غەربیەوە، سەراپای ناوچەکەی ڕووبەڕووی مەترسی جەنگ و کاولکاری کردوەتەوە. جەنگێک کە لە سایەی چەکداربونی لایەنەکانی بە جۆرەها چەکی مۆدێرنی کۆکوژ، ئەگەر بەرپا بێت هەموو ناوچەکە خاپور و وێران دەکات و جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێشی ناوچەکە تیایدا دەبن بە قوربانی.

**کرێکاران، زەحمەتکێشان، خەڵکی نارازی کوردستان:**

کابوسی جەنگ کراوەتە مەترسییەکی جدی لەسەر خەڵکی ناوچەکە، ئەم جەنگخوازیەی دەوڵەتی ئیسرائیل بە پشتیوانی ئەمریکا و بەریتانیا و دەوڵەتانی ڕۆژاوا بەدڵنیایەوە پریشەکەی دەچێتە چاوی هەموو خەڵکی ناوچەکە بە خەڵکی کوردستانەوە.. ئێمە خەڵکی نارازی کوردستان کە بۆ نان و کار و خۆشگوزەرانی ڕۆژانە لەدژی دەسەڵات ناوەندی شەقامەکان دەگرین، ناتوانین ئەم دۆخە فەرامۆش بکەین و بێلایەن بەدیار ئەو شەڕ و کوشتار و کاولکاریەوە کە دەرگای ماڵەکانمانی گرتووە دەستەوەستان ڕاوەستین. ئێمە کە ئاڵای باش بژێوی و خۆشگوزەرانیمان بەرزکردۆتەوە بەبێ سەلامەتی و ئارامی ناوچەکە مومکین نییە و بەدەستنایەت.

ئەوەی کە ئێستا دەسەڵاتداران و حیزبەکان سەرگەرمی بانگەشەی هەڵبژاردن و شەرعیەت دانەوەن بە سیستمێک کە سی ساڵە ژیانمان دەهاڕێت، نابێ ئەو دۆخە مەترسیدارەی کە ڕووی لەناوچەکە کردووە لەبیر بەرێتەوە. دەبێ بەوپەڕی هەستیاریەوە کاردانەوەمان بەرامبەر ئەم کابوسە ترسناکە هەبێت. ڕاستە دەوڵەتی ڕەگەزپەرستی ئیسرائیل شەڕ دەفرۆشێت، ڕاستە ئەمریکا و زلهێزە غەربیەکان بەبێ دودڵی لە پشتی ملهوڕی ئیسرائیل ڕاوەستاون و بە هەموو جۆریک پشتیوانی دەکەن، بەڵام ئەوان تەنها بڕیاردەر نین بۆ خاپور و وێرانکردنی ناوچەکە، چینی کرێکار و خەڵکی ئازادیخوازی جیهان سەنگەرێکی بەهێزیان لێداوە بۆ بەرپەرچدانەوەی جەنگخوازی ئەوان. بزووتنەوەی دژی جەنگ و دژی ملهوری ئیسرائیل بزووتنەوەیەکی بەهێزە و ئەگەر هەمووو هێزی خۆی بهێنێتە مەیدان، دەتوانێ دەستی ئەم ملهوڕانە

ببەستێ و دەهۆڵی جەنگیان رابگرێت. خەڵکی کوردستانیش دەبێ بەوپەڕی هوشیاریەوە خۆیان بە بەشێک لەو جوڵانەوەیە بزانن کە بۆ ڕاگرتنی جەنگ و کاولکاریی لە فەلەستین و لوبنان و لەدژی ئیسرائیل و لایەنگرانی، ناوەندی شارەکانی ئەوروپا و ئەمریکاو ئوسترلیا گرتووە. دەبێ لەپاڵ نارەزایەتیەکانمان بۆ خۆستەکانمان لە دەوری خواستی"نا بۆ شەڕ و شەڕخوازی ئیسرائیل لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست!، بەڵێ بۆ دەستبەجێ راگرتنی شەڕی ئیسرائیل لە غەززە و لوبنان!" کۆببینەوە و ڕێگا نەدەین ناوچەکە ببێتە جێگای هەڵگیرساندنی ئاگری شەڕ و کوشتار و کاولکاری زیاتر. راوەستانی ئێمە خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش وەک هێزێکی سەربەخۆی چینایەتی لەدژی ئەم دۆخە و لەپاڵ بەرەی ئینسانی و ئازادیخوازی جیهانی لەدژی جەنگ، زامنی بەرگرتنە لەهەر کارەساتێک کە لە ناوچەکەدا بەرێوەیە.

**حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان**
**۲۰۲٤\ ۱۰\۷**

**ئۆکتۆبەر**

**ئۆرگانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان**

**سەرنوسەر : موحسن کەریم**

**ڤایبەر:** 07700475533

**مۆبایل:**0044(0)7394013135

Muhsin_km@yahoo.com

**ئۆکتۆبەر لە فەیسبووک:**

**بڵاوکراوەی ئۆکتۆبەر** October

**ئۆکتۆبەر بخوێننەوە و بەدەستی دۆستان و ئاشنایانی خۆتانی بگەیەنن!**

# چاوپێکەوتنی بڵاوکراوەی ئۆکتۆبەر لەگەڵ عوسمانی حاجی مارف سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی سەبارەت بە هۆکاری بەشدارینەکردن لە خولی شەشەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان

**ئۆکتۆبەر: هاورێ عوسمان لە بەیاننامەی حزبدا سەبارەت بە خولی شەشەمی هەڵبژاردن هۆکاری بەشدارینەکردنی حزب بۆ چەند مەسەلەیەک دەگێرێتەوە، لەوانە سەرپەرشتیکردنی هەڵبژاردن لەلایەن کۆمیسیۆنی هەڵبژاردنەکانی کوردستانەوە لەجیاتی کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی عێراق، یاخود پاک نەکردنەوەی لیستی دەنگدەران و نەگەڕانەوەی ئاوارەکان و .. تاد، کە سەرەنجام هەڵبژاردن بەپێی ویستی یەکێتی و پارتی دیزاینکراوە، بەڵام بەپێچەوانەوە ئۆپۆزیسیۆن باس لەوە دەکەن کە کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی عێراق سەرپەرشتی هەڵبژاردنەکان دەکات، باس لەوە دەکەن کە کورسی کۆتاکان نەماون و بەوجۆرە لانی کەم پارتی ۱۰ کورسی کەمکردوە. یاخود دەڵێن پارەو موچە لەدەستی بەغدادایەو یەکێتی و پارتی ناتوانن بە هەرەشەی مووچەبڕین خەڵک ناچار بە دەنگدان بەوان بکەن. یاخود دەڵێن گۆڕینی شیوازی دەنگدان لە یەک بازنەییەوە بۆ چوار بازنەیی، دەستی دوو حزبی دەسەڵات کورت دەکاتەوە لەوەی دەنگی شوێنەکانی دیکە بدەن بەو کاندیدانەی لەجێگای دیکە دەنگی کەم دەهێنن.. بەوجۆرە هەموو ریکارەکان لەزیانی ئەو دوو حزبە دەسەڵاتدارەیەو دەکرێ بە دەنگدان بە ئۆپۆزسیۆن و کردنیان بە زۆرینە، ڕێگا لە یەکێتی و پارتی بگرن کە حکومەت پێک بهێنن. سەرەنجام هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆن دەتوانن حکومەت پێکبهێنن و بەوجۆرە کۆتایی بەدەسەڵاتی یەکێتی و پارتی بهێنن! بۆیە ئەوان لە دوو حزبی دەسەڵاتدار زیاتر هانی خەڵک دەدەن بۆ بەشداریکردن لە هەڵبژاردندا. ئێوە دەربارەی ئەو بانگەشانەی ئۆپۆزیسیۆن چی دەڵێن؟**

عوسمانی حاجی مارف: هەلبەتە بەشداری نەکردنی حزبمان لەم هەڵبژاردنەدا، لەسەربنەمای ئەو خاڵانەی لە بەیانەکەدا ئاماژەی پێکراوە، چەندخاڵیکی سەرنجڕاکێش و واقعین، ئەوەی شاراوە نیە کە پارتی لەو شوێنەوە بایکۆتی ئەم هەڵبژاردنەی ڕاگەیاندا کە لەبەرامبەر بڕیارەکانی دادگای فیدراڵدا ڕاوەستایەوە، ئەم بایکۆتەی بارزانی هەڵبژاردنی خستە سەر ڕێگایەکی بنبەست و داخراوەوە، ئەوەی نیشاندا کەبەبێ بەشداری پارتی هەڵبژاردن ناکرێت، بۆیە دادگای فیدراڵی ناچارکرد ، دەستبەرداری بەشێک لە بڕیارەکانی بێت و گۆڕانی تیا بکات، تا بارزانی قەبوڵی کات بەشداری لەم هەڵبژاردنەدا بکات، واتە زۆر بەسادەیی دەتوانین بڵێین هەرکات بارزانی بەرەوڕوی هەڵبژاردنێک بێت زیانی هەبێت بۆی، ئەتوانێ ئیفلیجی بکات، ئەمەش واقعی سروشتی جۆری دەسەڵاتی سیاسیە لە کوردستانی عێراقدا، کە خاوەن هێزی میلیشیا باڵادەستە نەک دەنگ و دەخالەتی خەڵک لەدەسەڵاتی سیاسیدا، ئەزمونی جۆری دەسەڵاتی سیاسی زۆنی زەردو زۆنی سەوز لە سیوسێ ساڵی ڕابردودا ئەوەی نەشاردۆتەوە، کە هەڵبژاردن چ گاڵتەجاریەکەو هیچ کات نەیتوانیوە هیچ گۆڕانێک یا کۆتایی هێنانبێت بەدەسەڵاتی بارزانی و

تاڵەبانی. واتە پێش هەر شتێک پێویستە ئەوە بە هەند وەرگرین کە بڕیارەکانی دادگای فیدراڵی نەیتوانی سیاسەتەکانی "چوارچێوەی هەماهەنگی" کە پێکهێنەری حکومەتی عێراقن، لەبارەی هەڵبژاردنەوە خۆی بسەپێنێت، نەیتوانی بارزانی ملکەچ کات بۆ ئەو سیاسەتەی تارادەیەک بە بەرژەوەندی تاڵەبانی دەشکایەوە.

واتە چونەسەری بڕیاری بەشداری نەکردنی پارتی لەم هەڵبژاردنەدا، وادەکات لەوە بگەین کە هەڵبژاردن ناتوانێ دەسەڵاتی سیاسی لە کوردستاندا لەڕێگەی هەڵبژاردنەوە بگۆڕدرێت، چونکە گەر وانیە، ئەوە ئاسانترین ڕێگە بو کە بایکۆتی پارتی بکریتە هۆکارێک کە پارتی تەریک بکرێتەوەو هەڵبژاردن بەگوێرەی بڕیارەکانی دادگای فیدراڵی ئەنجام بدرایەو دەسەڵاتی پارتی کۆتایی پێ بهێنرایە، بەڵام دیمان کە ناتوانرێت کاریکی لەو چەشنە ئەنجام بدرێت، دادگای فیدراڵی بەناچاری بڕیارەکانی گۆڕی.

بۆیە ئەتوانین بڵێین ئەو خەیاڵات و چەواشەکاریانەی ئۆپۆزسیۆن وەک ئومێدێک بۆ کۆتایی دەسەڵاتی بارزانی و تاڵەبانی بانگەشەی بۆدەکەن، بێناوەڕۆک و بێ مانایە، چونکە لە گەڵ هەر ئاڵوگۆڕێک کە لەدۆخی سیاسی کوردستاندا ڕویدابێت، یان پەیوەندیەکانی حکومەتی عێراق و حکومەتی هەرێم بارگرژی تێکەوتبێت، هەروەها حکومەتی عێراق و هێزەکانی شیعە فشارێکی زۆریان لەسەر بارزانی و تاڵەبانی دانابێت و میلی هاوسەنگی هێزیان بەقازانجی حکومەتی عێراق وەرچەرخاندبێت، مانای ئەوە نیە کۆتایی دەسەڵاتی بارزانی و تاڵەبانیە، دەسەڵاتی زۆنی زەردو سەوز لاوازن لەبەرامبەر حکومەتی عێراقداو ناچارکراون ملکەچی ئەو واقعیەتەبن، حکومەتی عێراق ئەم دووهێزە میلیشیایەی بزوتنەوەی کوردایەتی بەو شێوەیە لاپەسەندە کە پاشکۆی سیاسەتەکانی حکومەتی عێراقبن، پارتی و یەکێتیش لە چوارچێوەی ئەو ململانێیانەی لە چەند ساڵی ڕابردودا لەبەرامبەر حکومەتی عێراقدا هەولیان بۆداوە، نەک مایەپوچ مانەوە، هەنگاوبەهەنگاو ئاینەدەی بەرژوەندیەکانیان لە ژێر سێبەری سیاسەتی حکومەتی عێراقدا پێناسەدەکەنەوەو پێگەی خۆیان دەپارێزن، بەڵام لەبەرامبەر خەڵک و ئەولایەنانەی وەک ئۆپۆزیسۆن خۆیان پێناسە دەکەن، پارتی و یەکێتی بەداخەوە کە توانایان نەگۆڕدراوەو بەردەوامی بەدەسەڵاتەکەیان ئەدەن و بەهیچ جۆرێک هەڵبژاردن ناتوانێ ئەو پرۆسەیەبێت مانای کۆتایی دەسەڵاتەکەیانی لێکەوێتەوە. لەلایەکی تریشەوە ئۆپۆزسیۆن بانگەشە بە ئومێدێکەوە دەکات کە گوایە لەڕێگەی پشتیوانی بە حکومەتی عێراق و دادگای فیدراڵیەوە ئەتوانن سەرکەوتن بەدەست بهێنن، بەڵام ئەوەی زۆر ڕۆشنەو حکومەتی عێراق و هێزەسیاسیەکانی عێراق بەهیچ جۆرێک حسابی لەسەر ناکەن، ئەو لایەنە بەناو ئۆپۆزسیۆنەی کوردستانە کە جێگای متمانەی سیاسی و بەڕێوەبردنی دەسەڵاتت سیاسی نین، ئەو ئەرک و کارەو پێشخزمەتیەی بارزانی و تاڵەبانی ئەتوانن بۆ حکومەتی عێراق ئەنجامی بدەن، ئۆپۆزسیۆنەکەیان کۆمەڵێ لایەنی بێکارو هیچ لەبارانەبون.

هەروەها شێوازی ئەم هەڵبژاردنە ٢٠/١٠ی ئەمساڵ بە هەر جۆرێک بەڕێوەببرێت و هەرلایەنێک بەڕێوەی بەرێت، مانای ئەوە نیە ئەتوانرێت دەرگای ساختەکاری بەرامبەر بەهێزی میلیشیا ببەسترێت، ئەوەش بەدوور نازانم کە لایەنەکانی حکومەتی عێراق یارمەتی پارتی و یەکێتی لە ساختەکاریدا بدەن، جگە لەوەش هەردوو هێزی دەسەڵاتدار نفوزێکی تایبەتی بەخۆیان هەیە کە وەک دەنگدەری جێگیر حسابیان لەسەر کراوە، کە ناتوانن دەنگ بە کاندیدەکانی پارتی و یەکێتی نەدەن کە ژمارەیەکی کەم نین، کە ئۆپۆزسیۆنەکان لەم جۆرە دەنگدەرانە بێبەشن، دەنگدان بۆیان پەیوەستە بە مەزاجی دەنگدەرانەوە، بۆیە داوا دەکەن زۆرترین کەس بەشداری بکات.

ئەگەر کورتی کەینەوە، دۆخەکەو پێگەی تائێستای بارزانی و تاڵەبانی ناتوانێ ئەوەمان نیشاندات تا خەڵک فریوی ئەوە بخوات کەبە دەنگدان ئەتوانن ئەم دەسەڵاتە ئاڵوگۆڕ پێبکەن، بۆیە نەچون بۆ بەردەم سندوقەکان و دەنگ نەدان بەشێک دەبێت لە پیادەی ئەو ئاراستەیە کە خەڵکی نارازی لەڕاستای ئەو ئامانجەدان کە بە ڕاپەڕینی جەماوەری دەیانەوێت ئەم دەسەڵاتە کۆتایی پێبهێنن.

**ئۆکتۆبەر: قسەیەکیش هەیە کە دیسان ئۆپۆزیسیۆن دەیکات و ڕەنگە کاریگەری لەسەر بیرکردنەوەی هەندێ کەسیش دانابێت، ئەویش ئەوەیە کە دەڵێ؛ ئەگەر خەڵک بایکۆت بکات وەکو ئەوە وایە دەنگ بدەن بە مانەوەی یەکێتی و پارتی! ئایا بەڕاست بەشدارینەکردن لە هەڵبژاردن و دەنگ نەدان خزمەت بەمانەوەی ئەو دوو حزبە دەکات لەسەر دەسەڵات؟ ئایا ئیمکانی ئەوە هەیە بە دەنگدان دەسەڵات لەو دووحزبە بسەنرێتەوە؟**

عوسمانی حاجی مارف: هەروەک پێشتر ئاماژەم پێدا هیچ کات دەنگدان سەنگی مەحەکی مانەوە یان نەمانەوەی دەسەڵاتی پارتی و یەکێتی نەبووە، هەڵبژاردن لەکوردستان ئەو تایبەتمەندیەی هەیە کە تەنها ئامرازێکە بەدەستی بارزانی و تاڵەبانیەوە کە بەناوی هەڵبژاردنەوە شەرعیەت بەدەسەڵاتەکەیان بدەن، دەنا هەلبژاردن بکرێت یان نەکرێت زۆنی زردو و زۆنی سەوز باقیە، فرسەتدان بەبەشداری لایەنەکانی تریش بەهەر ناوێکەوە یان بەناوی ئۆپۆزسیۆنەوە، تەنها ئارایشکردنی شێوازی هەڵبژاردنەکەیە، جا ئەو لایەنانە هەر ڕێژەیەک لە دەنگیان بەدەست هێنابێت، نەیان توانیوە کاریگەریان لەسەر پرۆسەی هەڵبژاردنەکەو گۆڕانی دەسەڵاتی بارزانی و تاڵەبانی هەبێت، جگە لەوەی کە

دواتر بونەتە بەشێک لە پێکهاتەی حکومەتەکەیان، واتە ئێستاش بەو مانایە کەدۆخەکە پێشوەخت هیچ ئاڵوگۆڕێکی لە توانای دەسەڵاتی پارتی و یەکێتی لەبەرامبەر خەڵک و بەناو ئۆپۆزسیۆنەکەیدا پێک نەهێناوە، ئاشکرایە کە ئەنجامی دەنگدانی ئەم هەڵبژاردنەش هەر جۆرێک بێت ناتوانێ ئاڵوگوڕ لەدەسەڵاتی بارزانی و تاڵەبانی پێشبینی بکرێت، بەڵام دیارە ئەم دۆخی بێزاری و تورەیی و نارەزایەتیە فراوانەی خەڵک لەبەرامبەر حکومەتی هەرێمدا، ڕێژەی دەنگدەر کەمدکاتەوە، ئەمەش زیاتر بەزیان بۆ لایەنەکانی بە ناو ئۆپۆزسیۆن تەواو دەبێت، چونکە ئۆپۆزسیۆنی بەشدار لەم هەڵبژاردنەدا، تەنها ئومێدیان بەدەنگدانە، نەچونی خەڵک بۆ دەنگدان، بی ئومێدیان دەکات لەو چاوەروانیەی کە بە هەڵبژاردن بۆ بەدەست هێنانی چەند کورسیەک هەیانە، ئەمەش مایەی ئەو مەترسیەیە بۆیان کە نەتوانن کورسی پێویست بەدەست بهێنن، پێموایە خۆشیان باش دەزانن کە پارتی و یەکێتی مایەیەکی ئەوتۆیان لەسەر دەنگدان دانەناوە، لە هەر حاڵەتێکدا ئەوەی گرنگە بۆیان پرۆسەکە بەبێ کێشەو دەردی سەری تێپەڕێنن، دەوری خەڵکیش ئەوەیە بتوانێ ئەو کێشەو دەردی سەریانە زیادکات بەسەریانەوە، ئەمەش لەڕێگەی بایکۆتی بەرفراوانەوە بەدەست دێت.

**ئۆکتۆبەر: حزب بڕیاری داوە بەشداری هەڵبژاردن نەکات و بێگومان داواش لە خەڵک دەکات کە بەشداری نەکەن و دەنگ نەدەن. ئایا یەکەم؛ بەشداری نەکردن لە هەڵبژاردندا چ مانایەکی هەیە بۆ خەڵک و بۆ دەسەڵات؟ دووەم؛ شێوازی بەشدارینەکردن چۆن بێت؟ هەندێ کەس بڕوای وایە کە بەشداری دەنگدان بکرێ بەڵام دەنگەکەیان بسوتێنن تا یەکێتی و پارتی نەتوانن دەنگەکانیان بەکاربهێنن!؟ ئێوە لەوبارەوە چ بۆچوونێکتان هەیە؟**

عوسمانی حاجی مارف: نەچون بۆ دەنگدان پێویستیەکی گەشەسەندنی نارەزایەتیەکانی خەڵکە، کە لە ڕۆژی دەنگداندا نەچینە دەرەوە و نەچینە سەر سندوقەکانی دەنگدان، نەچون بۆ دەنگدان مانای نایەکی گەورەیە بۆ ئەم دەسەڵاتە، چونکە تەواوی لایەنەکان بۆ ساختەکاری و بەسەرکەوتن گەیاندنی هەڵبژاردنەکەیان پێویستیان بە نیشاندانی وەستان و ڕیزبونی خەڵکە لە بنکەکانی دەنگداندا، پێویستە لەبەرامبەر ئەو ڕاستیەدا بەئاگابین کە دەنگی ئێمەیان ناوێت، تەنها وەک ئەکتەرێک بەکارمان دەهێنن، بۆیە یەکەم؛ نەچون بۆ دەنگدان ڕیسواکردنی تەواوی پرۆسەی گاڵتەجاری هەڵبژاردنەکەیانە، چونکە ئەوان بەهەر فروفێڵ و شێوازێکی ناشایستەو ساختەکاری بێت ئەتوانن یاری بەدەنگەکان بکەن. دووەم؛ ئەوان پێویستیان بە کۆبونەوەی خەڵکە بەدەوری بنکەکانی دەنگدان تانیشانی بدەن کە هەڵبژاردنەکەیان شەرعیەتی هەیە. بەڵام ئەوانەی بەشداری لەم هەڵبژاردنەدا دەکەن و کاندیدیان هەیە، بە فریودانی ئەوەی دەنگی خەڵک نەسوتێ لەخەڵک دەپاڕێنەوە بچن دەنگ بدەن، بەڵام کەسی نارازی بچێت بۆ دەنگدان یا نەچێ دەنگەکەی هەرسوتاوە، نەچون بەهێزکردنی پرۆسەی نارەزایەتیەکانمان نیشان ئەدات، چون بۆ دەنگدان دەنگی نارەزایەتی دەسوتێنێت. ئەوان هەوڵئەدەن ئەم پرۆسەیە تێپەڕێنن، بۆیە پێویستە هوشیاری خەڵک لەوە زیاتربێت کە فریوکاری تەواوی لایەنەکان کاریگەری لەسەریان هەبێت. ئەوراستیەش نابێت فەرامۆش بکەین پارتی و یەکێتی وەک دەسەڵاتدار بەهەر شێوەیەک بۆیان بچێتەسەر ئەتوانن ساختەکاری بکەن، وەک پێشتر وتم هیچ دورنیە کە حکومەتی عێراقیش یارمەتی ساختەکاریان بدات، لەبەرامبەر خەڵکی نارازی عێراقدا حکومەتی عێراقیش جێگای متمانە نیە.

ئەوەی ڕاست بێت بەجۆرێک کە لەگاڵتەجاری ئەم هەڵبژاردنە تێگەیشتوین، بەتایبەتی لە دۆخی هەڵبژاردنی ئەم جارەدا، ئەوە باش دەبینین کە جۆری بانگەشەیان بۆ هەڵبژاردن ناتوانن بە بەڵێنی دابینکردنی خواست و موچەو پێداویستیەکانی ژیان خەڵک فریوکاری بکەن، چونکە بە لاوازی پێگەیان لە بەرامبەر حکومەتی عێراقدا ئەو هەلەیان لەدەستداوە کە ڕویان بێت بانگەشەیەکی لەو چەشنەبکەن، زیاتر لە گۆشەیەکەوە بانگەشەکانیان ڕادەگەیەنن، کە ڕیسواکردن و تاوانبارکردن و شکاندنی یەکترە تائاستی دروشمی کۆتایی دەسەڵات، بەمجۆرە بانگەشەکەیان زیاتر نیشاندانی دۆخی شەرە تا ئەوەی بانگەشەی هەڵبژاردن بێت، ئەتوانم بڵێم هەڵخراندنی دۆخێکی لەم چەشنە زیاتر پێویستی بە نەچون بۆ دەنگدان و ڕیسواکردنی پرۆسەکەیانە، ئۆپۆزسیۆنێکیش هەستی دڵسۆزی و پشتیوانی بۆ خواست و ئایندەی خەڵک هەبێت، لەڕیزی نارەزایەتیەکانی خەڵکدا دەوەستێت بۆ کۆتایی هێنان بەم دەسەڵاتە لە ڕێگەی ڕاپەڕین و شۆڕشی جەماوەریەوە، نەک بەشداری لە هەڵبژاردنێکدا کەدەسەڵاتداران بۆ شەرعیەتدان بەدەسەڵاتەکەیان بەکاری دەهێنن.

**ئاکامی هەڵبژاردنی ئەمجارەش وەکو هەموو جارەکانی دیکە، شەرعیەتدانەوەیە بە دەسەڵاتی میلیشیایی- دوو زۆنی- یەکێتی و پارتی لەپاڵ چەند کورسیەکی پەرلەمان و چەند پۆستێکی ئیداری لە حکومەتەکەی پارتی و یەکێتی بۆ ئۆپۆزیسیۆن و شەریککردنیان لەداهاتی تاڵانکراوی خەڵکی کوردستان !**

# بۆچی نابێت لەم هەڵبژاردنەدا بەشداری بکرێت!

## دەشتی جەمال

ڕۆژی ٢٠ی ئۆکتوبەر دیاریکراوە بۆ هەڵبژاردن لە کوردستان، بانگەشەی هەڵبژرادنی بەربژێرەکان ماوەیەکە دەستی پێکردوە بۆ تەخشانو پەخشانکردنی درۆ و دەلەسەی بێناوەرۆک بۆ هەڵبژاردنیان لە خولی داهاتووی پەرلەمانی کوردستاندا، بەلام جیاواز لەخولەکانی پیشووتر، ئەمجارە هەریەک بەتایبەتی لەحزبە دەسەلاتدارەکانی کوردستان، شمشێریان لەبەرامبەر یەکدا هەڵکیشاوە، گوایە ئەمجارە زۆرانبازیەکە ملی ئەوی تریان دەشکێنێت ولەساحەکە دوری دەخاتەوە! بەزمانی زبرو دوور لەهەموو پێوانەیەکی هەڵبژاردن لەمرۆی دنیادا وەکو ئەوەی پەیڕەو دەکرێ و حزبەکان بەربژیرەکانی خۆیان دەخەنەڕوو کە پڕوپاگەندە بۆ بەرنامەو ئەجندای خۆیان دەکەن بۆ چوارساڵی داهاتوو، تا لەو ڕێگایەوە دەنگدەران هەڵخرێنن و دەنگیان پێبدەن.

بەڵام گاڵتەجاری و ریسوابوونی هەڵبژاردن و پەرلەمان بەجۆرێکە لەناو خەڵکی کوردستاندا کەئاستی چاوەروانیەکان ئەوەیە هاولاتیان بەڕێژەیەکی زۆر کەم بەشداری ئەم هەڵبژاردنە بکەن، بۆیە هەم لایەنەکانی دەسەڵاتدار و هەم ئۆپۆزیسۆنی بۆرژوازی هەموو هەوڵ و هاوارێکیان بۆئەوەیە خەڵک پەلکێشی هەڵبژاردن بکەن و ڕێژەی بەشداریکردن بەرزبکەنەوە لەپێناو بەرژەوەندی و مەرامە سیاسەکانی خۆیاندا. کەوایە بۆچی نابێت بەشداری ئەم هەڵبژاردنە بکرێت وبایکۆتبکرێت:

١- پەرلەمان و حکومەت و بەدیاریکراویش هەڵبژاردن لە دۆخێکی دژواردا کە کوردستان لەبۆشایی قەوارەی دەولەتدا لەژێرسایەی دەسەلاتێکی میلیشایی وحیزبیدا بەڕیوەدەچێت کەدوو دەسەلات بەزەبری هێزی چەکدار و تاڵانیوراوروتی ژێر قەڵەمڕەوی خۆی، خۆگریدانەوە بە وڵاتێکی ناوچەکەوە، دەسەلاتیان داسەپاندوە. بەهەلبژاردنو کایەی پەرلەمانی ناتوانرێت ئەو واقعیتە بگۆردرێت. هەربۆیە ئەم هەڵبژاردنە جگە لە نمایشێک بۆ شەرعیەتدانەوە بە دەسەڵاتی بۆرجوازی و هێشتنەوەی ئەو دوو دەسەڵاتە میلیشیاییە وراگرتنی پایەکانی دەسەلاتیان لەکوردستاندا هیچی تری بەقازانجی خەڵکی کوردستان لێ سەوزنابێت.

٢-دەڵێن هەڵبژاردنی ئەمجارە پاک ونەزیهە و راستەخۆ لەلایەن کۆمیسیۆنی سەربەخۆی هەلبژاردنەکانی عێراق ولایەنی نیونەتەوەییەوە سەرپەرشتی دەکرێت، ئەمە وەک بەهانەیەک لەلایەن هیزەکانی بەشدارەوە بەدەستەوە گیراوەکە گوایە مەجالی تەزویروساختە نەماوە. ئەمە لەکاتیکدا ئۆفیسی کۆمیسیۆنی هەلبژاردنەکان لەشارەکانی کوردستان بە موافقەتی یەکیتیو پارتی دانراونو کورسی تورکمان و مەسیحیەکان دابەشکراون لەنێوان زۆنی سەوزوزەرددا. داهاتی کۆمەڵگاومیدیای زەبەلاح هەمووی لە دەستی ئەحزابی میلیشیاکاندایە وهیزە سەربازیوئەمنیەکان ئاگادارکراونەتەوە کە ئەگەر دەنگ بەلایەنی دەسەلات نەدەن رووبەرووی لێپێچینەوە دەبنەوە. لەسایەی هەلومەرجێکی وادایە کە هیچ دەرفەتێکی نەهیشتۆتەوە خەڵک لەسەر بناغەی ئاشنایەتیوتیگەیشتن لە بەدیل وریگەچارەی لایەنەکان دەنگبدەن. هەروەکو لە سایەی زەختو زۆرو دەسەلاتی ملیشیاکاندا ناتوانن ئازادانە بەدیلی خۆیان هەلبژێرن.لەوەش زیاتر دەخالەتی دەولەتانی ناوچەکە لەپرۆسەکەدا و پشتیوانی تورکیا لە پارتیو ئیران لە یەکیتیلە هەڵبژاردنەکاندا فاکتەرێکی کاریگەرە. ئەمە جگە لە دۆخی نائەمنیو سەختو دژواری ئیستای عیراق وکوردستان و فشارەکانی حکومەتی ناوەندی بۆ کەمکردنەوەی دەسەڵات و شکاندنی شکۆی ئەوەی ناویان لێناوە قەوارەی هەرێم و پەرلەمان و حکومەتی هەرێم.

٣- هەموو ئەو لایەنانەی بەشدارن لەپرۆسەی هەڵبژاردندا تەنها قازانج و بەرژەوەندیەکانی سەرمایەدارانوخاوەن کۆمپانیاکان دەپارێزن، خۆیان بەشداربوون لە بەتالانبردنی سەروەتو سامانی کۆمەڵگا و یەک هەڵویستن بۆهێشتنەوەی ئەودۆخەی کەهەیە. هیچ پرۆژەیەکیان پێنیە بۆ دەرکێشانی کوردستان لەم دۆخە سیاسی و ئابوریە چەقبەستوە و درێژەپێدەری توندکردنەوەی فەزای کۆنەپەرستیو دژ بە شارستانیەت و مودێرنیزمی کۆمەلایەتین، ناکۆک و دژن بە باشبژێوی و بەختەوەری خەڵک و مافەکانی ژنان ومنالان و گەشەکردنی کۆمەڵگا.

٤-بانگەشەی پەرلەمانو دەستاودەستپێکردنی دەسەڵات لەرێگەی پەرلەمانەوە جگە لە بلاوکردنەوەی خۆشباوەریو پەلەقاژەیەکی فریوکارانە بۆ جوانکردنی سیمای ناشرینی دەسەلاتی میلیشایی هیچیتر نیە. ئەو گروپ و لایەنانەشی بەناوی ئۆپۆزسیۆنەوە دەهۆڵی گۆرانکاریو بەشداری جەماوەر لەم هەڵبژاردنەدا دەکوتن پاداشتی خۆشباوەرکردنی جەماوەر بەدەسەلاتی یەکیتی وپارتی وەردەگرن! هەموویان پێیان لە بێئاسۆیی و بێئومیدی و سەرگەردانی دۆخی

⇦

چەقبەستوویی کوردستان گیرکردوە و چارەنوسی کوردستانیان لەچوارچێوەی فیدرالیزمێکی قەومی کۆنەپەرستانەدا بەستۆتەوە بەدەسەلاتی کۆنەپەرستی قەومی ئیسلامی عێراق. هەر حزبێک لەوانەش ئەگەر چەند کورسیش بهێنێت، ناتوانێت دەسەڵات لەیەکیتیو پارتی وەربگرێت، وەیان چەند پۆستی سەرەکی وەربگرێت.

٥- بەربژێرەکان لەسەر پەیوەندی بە دەسەلاتی مەرکەزی عێراقەوە، دەستور دەکەنە سەنگی مەحەک بۆ پاراستنی بەرژەوەندیەکانی هاوڵاتیان لەکوردستان، بەڵام دەبێت بپرسین کام دەستور، دەستورێک کەلەسەر بنەمای جیاوازی چینایەتیو زمانو رەگەزوئاینوئەتنیکی وژێرپێنانی مافەکانی ژنانوبەرەسمیەت نەناسینی مافی هاوڵاتی یەکسان دامەزراوە، دەستورێک کە ئاینی ئیسلام کە دژ بەمافە مەدەنی وئینسانیەکانی خەڵکی عێراق وکوردستانە کردۆتە بنەما؟ دەستورێک کە فیدرالیزمی قەومی بەسەر خەڵکی کوردستان دا سەپاندوەو سێبەری هەرەشەی شەرو پێکدادانی قەومی بەهەمیشەیی بەسەر سەری خەڵکی کوردستان و عێراقەوە راگرتوە. فیدرالیزمێک کە پرۆژەیەکە بۆ بەشداری ناسیونالیزمی کوردودەسەلاتەکەی لەپێناو بەشکردنی دەسەلات وسەروەتو سامانو هێشتنەوە و راگرتنی دەسەلاتی میلیشیاکانیان بەسەر سەری خەڵکی کوردستانەوەو بۆتە دەستمایەو ساتوسەودا لەگەل دەسەلاتی مەرکەزیدا دژ بە بەرژەوەندیەکانی خەڵکی کوردستان.

٦- لەبەرچاوگرتنی ئەوەی لە کوردستاندا خەڵک هیچ متمانەیەکی بە هەڵبژاردن نەماوەو بە رێگایەکی نازانێ بۆ باشترکردنی دۆخی ژیان و گوزەران و مافەکانی ئەوە چ جای ئەوەی بەرێگایەکی بزانێت بۆ دەستاودەست پێکردنی دەسەلات! بۆیە ئەوەی کە ئەم حزبانە داوادەکەن خەڵکبەرەو سندوقەکانی دەنگدان بچن و دەنگیان پێبدەن، کلاوکردنە سەر خەڵکە لەپێناو بەرژەوەندی خۆیاندا و ژیان و ئایندەی خەڵک ئەوەندە بۆئەوان گرنگە کە شەرعیەت بەکارنامەی رەش وکۆنەپەرستانەی دەسەلاتەکەی خۆیان بدەنەوە، دەنا هەرچەند سەعات دوای تەواوبوونی هەڵبژاردنەکەیان، لە هەموو بەڵێنەکانیان پەشیمان دەبنەوە. هەربۆیە بایکۆت بۆتە تایبەتمەندیەکی واقعی کۆمەڵگەی کوردستان وە بۆتە بەشێک لە درێژەپێدەری بزوتنەوەی نارەزایەتی بەدژی پەرلەمان و حکومەت.ئەوانەشی خەڵک دڵخۆشدەکەن بەم هەڵبژاردنە بەوەی بەشداری و دەنگی خەڵک گوایە گورانکاری دەکات، ئەوا گەورەترین زەربە ئەدەن لەهۆشیاری خەڵک، بەمەش هەڵەیەکی سیاسی دەکەن وباجی قورس دەکەویتە ئەستویان .

٧- ئەم مەهزەلەی هەڵبژاردنە نەک تەنها شایەنی بەشداری نیە، بەڵکو پێویستە ریسوابکرێت. کەوایە ئەگەر دەمانەوێت دەسەلاتی دەستەوتاقمێک بەسەرخۆمانەوە نەهێڵێنەوە کە خاوەنی کارنامەیەکی رەشن بەرامبەر بەکۆمەڵگای کوردستان، سەرچاوەی بیکاری وهەژاری و بێموچەیی وبێمافی وئاوارەییو دەیان موسیبەتو دەردەسەری دیکەن و کۆمەڵگایان بۆ نیو شەرونائەمنی بردوە، دەبێ یەکگرتوانەو دەستەجەمعی ئەم سیناریۆیەی ناویان لێناوە هەڵبژاردن، بەشکست بکێشین و رێگانەدەین دەنگی خەڵک بۆ دووبارە درێژەدان بەدەسەلاتی نەگریسیان بەکار بهێنن. گاڵتەکردن بەم هەڵبژاردنەو بایکۆتکردن ودورکەوتنەوە لەدرۆو بەڵێنەکانیان بەشێکە لەهەڵویستی هوشیارانەی جەماوەر لەراستای خەباتێکی شۆرشگێرانە وکوبوونەوە لەدەوری خواستی نانو ئازادیو دەسەلاتداریتی جەماوەری.ئەگەر دەمانەوێت دەسەلاتی ئایندەی کوردستان دەسەلاتی خەڵک بێت،ژیانێکی تیروتەسەل وخزمەتگوزاریە گشتیەکان بۆ خەڵک بێت،ئازادی ومافەکانی خەڵکی کوردستان مسۆگەر بێت، بۆئەوەی چیتر پۆل پۆل لاوانی ئەم کۆمەڵگایە لەدەریاکاندا نەخنکێن، گەنجەکانمان بیکارنەبن ، سەرکوت و بێماف نەکرێن، بانەک تەنها بەربەستی سەر رێگای ئەم سیناریۆ گاڵتەجاریە بین، بەڵکو بزووتنەوەی نارەزایەتی سەربەخۆی خۆمان بهێنینە مەیدان وە شێلگیرانە رێگە نەدەین خۆیان لەداخوازیە سەرەکیەکانی ژیانمان بدزنەوە.

☆

**بانگەشەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ساختە دەربارەی هەڵبژاردن وادەردەخات کە یەکێتی و پارتی لەرێگای دەنگدانەوە دەسەڵاتیان بەدەستەوە گرتوە، بۆیە دەکرێ بە دەنگدان لەسەر دەسەڵات لاببرێن! ئەمە درۆیەکی شاخدارەو خەڵکی کوردستان لە ئەزمونی نەوشیروان مستەفا و بزوتنەوەی گۆڕاندا تاقیکردۆتەوە. یەکەم، ئەو دوو حزبە هێزی میلیشییان و بە حوکمی ئەو دەیانهەزار چەکدارە خۆیان بەسەر دەسەڵات و خەڵکی کوردستاندا سەپاندوە، بۆیە بە هەڵبژاردن جێگا بۆ هیچ کەس چۆڵ ناکەن. دووەم، هەم ئەمریکاو دەوڵەتانی ئەوروپا و هەم دەوڵەتانی ناوچەکە بەتایبەتی ئێران و تورکیا، دەزانن کە لەرێگای ئەو دوو هێزە میلیشاییەوە دەتوانن بەرژەوەندیەکانی خۆیان و ئارامی و جێگیری سیاسی و ئەمنی نیسبی لە کوردستان و عێراق بپارێزن و ئامادەنین ئەو دۆخە رادەستی هێزی دیکە بکەن کە ناتوانن ئەو کارەیان بۆ بکەن!**

# بۆرژوازی کورد و بەپیرۆز راگرتنی گاڵتەجاری هەڵبژاردنەکان!

## عەبدوڵا مەحمود

سەرجەم خانەوادەی بۆرژوازی لە کوردستاندا بە دەسەڵات و ئۆپۆزیسیۆنەوە، لە پارتی و یەکێتیەوە بۆ گۆران و نەوەی نوێ، لە بەرەی گەل و لیستی هەڵویستەوە بۆ ئیسلامیەکان و سەربەخۆکان و تورکمانەکان... لە یەک ریزدا وەستاون و لەسەر بەشداری کردنی هاوڵاتیان لەهەڵبژاردنەکاندا کۆک و تەبان. هەموویان پێداگری لەسەر گرنگی هەڵبژاردنەکان، لەسەر گرنگی بەشداری هاوڵاتیان و پیرۆزی پرانسیپی هەڵبژاردنەکان دەکەن. ئەم پێداگری و بە پیرۆزراگرتنی هەڵبژاردنەکان و ئەو نەریتە پوچەی لە هەڵمەتی هەڵبژاردنەکاندا پیادەی دەکەن، ریشەی لە ماهیەتی چینایەتی ئەو هێزە بۆرژوزیانەدایە. رکەبەری و ململانێ لە کایەی هەڵبژاردنەکاندا و خستنەرووی لیستی جیاجیای بانگەشەکان، و تا دەگاتە هاوپەیمانیەتیەکان، دەچنە ناو هەمان پرۆسەی بە پیرۆزراگرتنی هەڵبژاردنەکان و قودسیەت بەخشین بە دیموکراسی بۆرژوازی.

لایەنێکی سەرەکی ئەم یەکریزیەی بۆرژوازی دەگەرێتەوە بۆ ئەوەی کە هەڵبژاردن، دەست بۆ پایەی چینایەتی کۆمەڵگە نابات، دەست بۆ ئاڵوگۆری سیستەمی سیاسی و ئابوری نابات، بەڵکو هەموویان پێ لەسەر پاراستنی ئەم نیزامە چینایەتییە دادەگرن و خودی هەڵبژاردنیش کەناڵ و رێگایەکە بۆ پاراستنی ئەم سیستەمە چینایەتییە و بە پیرۆز راگرتنی.

لایەنێکی تری یەکریزی بۆرژوازی و سوێند خواردنیان بۆ گرنگی هەڵبژاردنەکان، بۆ ئەوەیە لە رێگای درۆ و بانگەشەی دەستاو دەستکردنی ئاشتیانەی دەسەڵات، بەر بەشۆرش و بزوتنەوەی لە خوارەوەی جەماوەری بگرن.

ریزی وردو درشتی بۆرژوازی، دەڵێن سندوقی دەنگدان هەیە، هەر حزب و لایەنێک باش نەبوو، پابەندی بەڵین و بانگەشەکانیان نەبوو، لە رێگای سندوقەکانی دەنگدانەوە سزای بدەن، دەنگ بەو حزب و لایەنە بدەن کە دەتانەوێت... وە دەڵێن لەوە زیاتر رێگایەکی تر نییە، دەڵێن دیموکراسی باشترین بژاردەیە و هەر ئەو رێگایەشە بۆ بەرگرتن بە توندوتیژی و گەرانەوە بۆ رای خەڵک.

بەڵێ هێز و بزوتنەوە بۆرژوازییەکان هەڵبژاردن بە روکنێکی سەرەکی دیموکراسی و رێگایەک بۆ بەشداری هاوڵاتیان لە سیستەمی سیاسیدا لەقەڵەم دەدەن و بەسەرچاوەی ئاڵوگۆریش وێنای دەکەن.

ئەم بانگەشانەی بۆرژوازی بەو هەموو ئیمکاناتە مادی و هەمەرەنگەی لە بەردەستیاندایە، لەپێش هەمووشیانەوە دەسەڵاتی سیاسی، کەچی تادێت بەکردەوە بەشداری هاوڵاتیان لە هەڵبژاردنەکاندا کەمتر و کەمتر و هاوکاتیش لەچاوی رای گشتی کۆمەڵگەوە بێبایەختر و پوچتر دەبێت.

دیارە ئەوە ئەگەر لە ئاستی دنیادا و لە وڵاتانی دیموکراسی بۆرژوازی پایەداکوتراودا، کە پرۆسەی هەڵبژاردنیش بووە بە خوییەکی باو و زاڵ، هەڵبژاردنەکان گرنگی خۆیان لەدەستدا بێت و جەماوەر بەشداری هەڵبژاردنەکان نەکەن. لە کوردستاندا کە ئاسەوارێک لە دەسەڵاتی حکومەتی بوونی نییەو لە جێگایدا دەسەڵاتی میلیشایی، لەرێگای دەست بەسەراگرتنی داهات و زۆری چەک و خۆبەستنەوە بە وڵات و قوتبێکی ناوچەییەوە خۆیان بەسەر کۆمەڵگەدا داسەپاندووە، کایەی هەڵبژاردنەکان هێندە پوچە، مناڵێکی تازە مەدرەسەیش هەستی پێدەکات و کەمیش نین ئەو کادر و بەرپرسە حزب وسیاسیانەی کە باش دەزانن هەڵبژاردنەکان ناتوانن هیچ بگۆرن و هیچ حزبێکی خاوەن دەسەڵات و چەک لەرێگای هەڵبژاردنەکانەوە کەنار ناخرێت و ناتوانرێت دوربخرێتەوە.

دیارە بەهەمان شێوە کە بۆرژوازی لە ریزبەستنێکی چینایەتیدا سوێند بە هەڵبژاردن و گرنگی بەشداری هاوڵاتیان دەخۆن، ئاواش چینی کریکار و مەحرومانی کۆمەڵگە لە بێبەهابوون و پوچ بوونی هەڵبژاردنەکان بەئاگان و بەشداری نەکردنی هاوڵاتیان لە هەڵبژاردنەکاندا و کەم بوونەوەی بەردەوامیشی نیشانەی هەمان ئەو هوشیاری چینایەتییە کە هەڵبژاردنەکان تەنها گاڵتەجارییەکی دوبارەن بۆ ئارایشدانەوەی بەش بەشینەی هیزە بۆرژوازییەکان، بەتایبەتیش لەنیوان ئەو لایەنانەدا کە خاوەنی هیزی چەکدارن و قۆرغی داهات و سامانیان کردووە.

نەچوون و کەم بوونەوەی بەردەوامی بەشداری هاوڵاتیان لە هەڵبژاردنەکاندا، مۆتەکەیەکە بەسەر سەری سەرجەم خانەوادەی بۆرژوازییەوە. ریشەی بەشداری نەکردنی خەڵک لە هەڵبژاردنەکاندا راستەوخۆ دریژکراوەی بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەرییە بە دژی دەسەڵاتی سیاسی و حزبە رەنگاو رەنگەکانیان و پەی بردنە بەدرۆ و فریوکارییەکانیان... چینی کریکار و مەحرومانی کۆمەڵگە کە رۆژانە روو بەروون لەگەڵ دەسەڵاتی حزبۆکراتی و میلیشیایی تالانچی بزوتنەوەی کوردایەتی، بە بایکۆتی هەڵبژاردنەکان بەوێنەی بەشێک و گۆشەیەک لە بزوتنەوەی نارەزایەتی، دەیانەوێت ئەو چەکە پوچە لەدەست هیزەکانی بۆرژوازی دەربهێنن کە دەیانەوێت لە رێگای هەڵبژاردنەکانەوە ئاوی پیرۆز بکەن بەسەر پرۆسەی بەناو دیموکراسی و هاوکاتیش وەکو پسولەی رەوایەتی وەرگرتنی

دەسەڵاتیان، بەدەستیەوە بگرن.

چینی کریکار و بێبەشانی کۆمەڵگە لە کوردستاندا، وەکو بەشێکی دانەبراو لە پرۆسیسی سیاسی، خود بەخود و بەئەزموونێکی تاڵ، بەو راستیە گەیشتوون کە هەڵبژاردن ناتوانێت هیچ بگۆڕیت جگەلەوەی ژمارەیەکی تر بەوێنەی گۆشتی زیادەی لامل، دەبنە بار بەسەر کۆمەڵگەوە. لە کوردستاندا هەڵبژاردن و پەرلەمان نەک پیرۆزییەکیان نییە، بەڵکو بەچاوی سوک و گاڵتە ئامیزەوە لیی دەڕوانرێت. چ هەڵبژاردن و چ پەرلەمان وەکو دوو گرفتی قورس بۆ سەر گرفتە کەڵەکەبووەکانی تر زیاد بوون و جەماوەر چۆن بیزارە لەچەک و سەرکوت، لە بێمافی و نەبوونی، لە بیکاری و هەژاری، لە گرانی و نەبوونی خزمەتگوزارییەکان، ئاواش لە هەڵبژاردن و پەرلەمانی ئەولادی ناجسنی ئەو گاڵتەجاریانەی هەڵبژاردن تورەو نارازین. بانگەشەکانی هەڵبژادن و بەڵێنە پوچەکان، هێندە ئەزموونکراون، بە ئەندازەی ئەزموونی پوچی دەسەڵاتدارێتی.

بۆرژوازی کورد وەکو بەشێک لە بۆرژوازی عێراقی دەیانەوێت بە پاساوی بەرگری لە مافە دەستوریەکانی هەرێم لەبەغدا، بە بیانوی بەرگری لە دەستکەوتەکانی "کورد" لە بەغدا، بە درۆی خۆ بەخاوەن زانینی پرسی سیاسی و نەتەوەیی کورد، بەناوی گێرانەوەی کەرکوک و ناوچە کیشەلەسەرەکان بۆسەر هەرێم... خەڵکی کوردستان راپێچی بەردەم هەڵبژاردنەکان بکەن. دەیانەوێت بە هەڵخراندنی هەست و سۆزی نەتەوەییەوە خەڵکی کوردستان تەیار بۆ بەشدار لە هەڵبژاردنەکان بکەن. بۆ ئەو مەبەستەشیان دەیانەوێت هەموو کێشەو گرفتە قوڵەکانی کۆمەڵگەی کوردستان بخەنە ئەستۆی دەسەڵاتی سیاسی لەبەغدا و شانی خۆیان لە بەرپرسیاریەتی گرانی و نەبوونی و بیکاری و بێ موچەیی و موچە برین و وێران بوونی خزمەتگوزارییەکان و سەرکوت و بیمافی و هیرشی بەردەوامی ولاتەکان بۆسەر هەرێم، خاڵی بکەنەوە.

دەڵێن لەناو خۆماندا هەرچی هەبێت و هەر ناکۆکیەکمان هەبێت دەبێ وەلای بنێین و لە بەرامبەر بەغدا و هیزە دەرەکیەکاندا یەک دەست و یەک ریز بین. دەڵێن پێویستە لەبەرامبەر بەغدا یەککریز دەربکەوین تا پیگەی" کورد" بەهیز بیت. دەڵێن دەبێت هەڵبژاردن بکرێت، تا دامەزراوەکان شەرعیەتیان بۆ بگێردرێتەوەو لەئاستی نیودەوڵەتیدا دیمەنێکی جوان نیشان بدەین. ئامانج لەهەموو ئەو بانگەشانەش، بەجیا دوبارە سازدانەوەی دەسەلات و گێرانەوەی" شەرعیەتی یاسایی"، بۆ خاوکردنەوەی تورەیی و نارەزایەتی جەماوەری کۆمەڵگەی کوردستانە لەدەسەڵاتی تالانچی و مافیایی هەرێم.

چینی کرێکار و بێبەشانی هەرێم... بە کردەوە بەو راستیە گەیشتوون کە ستەم و بێمافی و نەبوونی و هەژاری و سەرکوتی سیاسی لە هەرێمی کوردستاندا، ریشەی لە سیستەم و دەسەلاتی بۆرژوازی هەرێمدایە... بە کردەوە بەو راستیە گەیشتون کەدەسەڵاتی بۆرژوازی کورد خۆی کۆسپی بەردەم چارەسەری پرسی سیاسی خەڵکی کوردستانە. ٣٣ ساڵی رابردوو و سیاسەتی خۆ گرێدانەوە و بە بەغدا لە چواچیوەی دەستورێکی پایە داکوتراوی قەومی و تایفی لە جێگای مافی هاولاتی بوونی یەکسان و فیدرالیزمی پوچی قەومیدا لە جێگای گەرانەوە بۆ ئیرادەو بریاری سیاسی هاولاتیانی هەرێم، تا هاتووە کوردستانیان، لاوازتر و چارسەری ئایندەی پرسە سیاسیەکەشیان نادیارتر و سەختر کردووە.

خەڵکی کوردستان بانگەشەکانی هەڵبژاردنی پیشوویان لە بیرە کە دەیانوت کوردستانی بەهێز بنیات دەنێین، ئیستا دەبینن لەچاو نزیک بە چەند ساڵی رابردوو پێگەی هەریم چ لە ئاستی عیراق و چ لە ئاستی ناوچەکە لاوازترە... دەبینن ئیران و تورکیا چۆن هەموو رۆژە وەکو خاوەن ماڵ تەراتین لە هەرێمدا دەکەن وبرا کوردەکانیان!! لە هیزەکانی ئۆپۆزیسیۆن تیرۆر و بۆمباباران دەکەن و دەسەڵاتی سیاسی هەریمیش نەک بێدەنگە، بەڵکو هاوکاریانە. ٦ ساڵ لەوە پیش بانگەشەی هەلی کار و خزمەت و ئارامیان دەبەخشیەوە، ئێستا خەڵکی کوردستان دەبینن بەهۆی بیکاری و نەبوونی هەلی کارەوە چۆن شەپۆلی جێ هیشتنی لاوان بۆ ئەوروپا مەوج دەدات. باسی خزمەتیان دەکرد، کەچی خەڵکی کوردستان دەبینن نەک خزمەت نییە، بەڵکو خزمەتگوزارییەکانی وەکو ئاو کارەبا، تەندروستی و...تاد بەرەو لەبەین چوون و لەوەش زیاتر بە نەخشەوە بەرەو بە تایبەتیکردن دەبرێن و قورساییان لەسەر جەماوەری بێبەشی کوردستان چەند بەرابەر دەکات. باسی ئارامیان دەکرد... کەچی رۆژ نییە ئەولادی بەرپرسێکی مافیایی سوکایەتی بە هیزەکانی پۆلیس و هاتوچۆ وبازگەکان نەکات و کۆماندۆی بەزیوی بەردەم داعش بەرنەداتە گیانی هاولاتیان. باسی ئارامیان دەکرد کەچی خودی هیزەکانی ئاسایش و کۆمانۆکانیان، بوونەتە مایەی کوشتار و نائارامی شارەکان و هاولاتیان. باسی چاکسازیان دەکرد، کەچی موچەی کریکار و کارمەندان و کەم ئەندامان بە ریزیکیان ناگات بەموچە و ئیمتیازی ئەندام پەرلەمان و وەزیرێکی نۆکەر پیشەی حزب و خانە نشینێکی پەرلەمان و وەزیر و گزیرێک. باسی ئایندەی سیاسی و کوردستان و پرسی نەتەوەیی دەکەن و سویند بەسەر یەکپارچەیی عیراق و سەروەریەکەی لە پیناو موچە و پۆستەکانی بەغدایاندا، لەهی بەعسیەکان و ئیسلامییە سنور نەناسەکان گەورەترە.

چینی کریکار و جەماوەری بێبەشی کوردستان، دەمێکە لەبەرامبەر بەو دەسەڵاتەی بۆرژوازی کورد، بریاری خۆیان داوە، کە رامالینی دەسەڵاتە. هیچ هەڵبژاردن و بانگەشەیەک، ناتوانێت پاشەکشە بە بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری بکات لە پیناو نان و ئازادی وئایندەیەکی سیاسی دیار و گەشاوەدا. مایەپوچکردنی هەڵبژاردنەکان و بەشداری نەکردن لەو گاڵتەجاریەی هەڵبژاردندا، بەوێنەی دریژەپیدەری نارەزایەتی جەماوەری، هەنگاوێکە لەراستای رامالینی یەکجاری دەسەڵاتدا...

## بەیاننامەی ژمارە ٨ی سێ حزبی کۆمۆنیستی-کرێکاری ناوچەکە:

# فراوانبوونی بەربڵاوی تیرۆریزمی بێسنوری ئیسرائیل

## لە پەراوێزی تیرۆرکردنی حەسەن نەسروڵڵادا

سەرچاوە فەرمییەکانی حیزبوڵڵای لوبنان ڕایانگەیاند کە حەسەن نەسروڵا، ئەمینداری گشتیی حیزبوڵلا لە لوبنان و چەند بەرپرسێکی تری ڕابەریی ئەم حزبە، کەلە نێویاندا عەلی کارکی، فەرماندەی بەرەی باشووری حیزبوڵلا هەیە، لە هێرشێکی سوپای ئیسرائیلدا لە ڕۆژی هەینی ٢٧ی ئەیلول، ولەئەنجامی بۆردومانێکی قورسی ناوچەی کەنارەکانی باشووری بەیروت، کوژراون. ئیسرائیل لەم هێرشە سەربازییەدا کە توندترین هێرشە بۆ سەر لوبنان، لەدوای شەڕی ٣٣ ڕۆژەی مانگی تەمموزی ٢٠٠٦، زیاتر لە ٨٥ بۆمبی تەقاندەوە، واتە ٨٥ تۆن بۆمب، کەبەهۆیەوە شەش باڵەخانەی لە یەکێک لە ناوچە چڕەکانی بەیروتدا، لەگەڵ زەویدا یەکسانکرد. بە پێی ڕاپۆرتی بەرپرسانی حکومەتی لوبنان، لەم هێرشە بەربەرییەدا دەیان کەس کوژراون و سەدان کەسیش بریندار بوون و هێشتا ژمارەی وردی ئەو قوربانیانەی کە لە ژێر داروپەردوودا نێژراون، بەردەست نییە. ئەم هێرشە لە درێژەی بۆردومانە فراوانەکانی ئیسرائیلدایە بۆ سەر باشووری لوبنان کەلە چەند ڕۆژی ڕابردوودا، کوشتنی بەرفراوانی خەڵک و وێرانکردنی ناوچەکە و بێ ماڵ و حاڵکردن و ئاوارەبوونی دەیان هەزار کەسی بەدواوەبووە.

بایدن حەسەن نەسروڵلای بە بەرپرسیار لە کوشتنی سەدان ئەمریکی ناوبرد و پشتگیری لە مافی ئیسرائیل کرد بۆ بەرگریکردن لە خۆی و ڕایگەیاند کە مردنەکەی "پێوەرێکە بۆ دادپەروەری بۆ قوربانییە زۆرەکان، کە لەنێویاندا هەزاران ئەمریکی و ئیسرائیلی و مەدەنی لوبنانی هەیە"، ئەمەش بە کردەوە لێدانی مۆری تەئیدکردنە بۆئەم هێرشە و ئۆپەراسیۆنە تیرۆریستییەکانی حکومەتی ئیسرائیل.

حکومەتی فاشیستی ئیسرائیل، پاش وێرانکردنی کەرتی غەززە و کوشتنی درندانەی زیاتر لە ٤١ هەزار کەسی بێتاوان، دوای ئەوەی کەرتی غەززەی کردە گۆرستانێکی بە کۆمەڵ، بە بیانووی "ئازادکردنی بارمتەکان"، "بەرگریکردن لە خۆ" و "ڕووبەڕووبونەوە لەگەڵ حەماس" دەستی برد بۆ هێرشە بەردەوامەکانی بۆسەر لوبنان و تاوان و کوشتنەکانی کەرتی غەززەی لەویش دووبارە کردووەتەوە، بەڵام ئەمجارەیان بە بیانووی "شەڕکردن لەگەڵ حزبوڵڵا" و "پاراستنی ئاسایشی ئیسرائیل."

حکومەتی ئیسرائیل کە لە چاوی بەشەریەتی موتەمەدین و ئینسان دۆستی جیهانەوە، هیچ جیاوازییەکی نییە لەگەڵ ڕژێمی فاشیستی هیتلەردا، لە قەیرانێکی سیاسی قووڵدایە وفراوانکردنەوەی شەڕ بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە تاکەڕێگادەربازکردنی خۆی لەو بنبەست و قەیرانە سیاسیەی تێیکەوتوە و بۆ بەردەوامیدان مانەوەی دەزانێت. تیرۆر لە سوریا و تاران، نانەوەی بۆمب و ئیستفزازی سەربازی و سەرەنجام دەستبردن بۆ هێرشی سەربازی بۆ سەر لوبنان، هەڕەشەکردن لە ئێران و عێراق بە پەلاماری سەربازی و بۆردومانکردن، لەلایەنخودی ناتانیاهۆ و بەرپرسە سەربازییەکانیەوە.. ئەمانە هەموویان بەشێکن لەم سیناریۆیە و بەشێکە لە هەوڵە بێئاکامەکانی حکومەتی ئیسرائیل بۆ بەردەوامیدانبەمانەوەی خۆی و لەم پێناوەشدا ئامادەیە ئاگر لە جیهان بەربدات. سیناریۆیەک کە خەڵکی کەرتی غەززە و کەناری ڕۆژئاوا و لوبنان و سوریا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست باجەکەی دەدەن.

جینۆساید و تاوانی جەنگ و تیرۆریزم وفایلی ڕەشی یەکساڵی ڕابردوو، کارنامەی حکومەتە ڕاسترەو و فاشیستیەکەی ئیسرائیل و هاوپەیمانەکانی ڕۆژئاوایە. ئەم ڕادەیە لەلغاوبربون بۆ درندەیی، ئەنجامدانی تاوانی شێتانە، کەلەلایەن حکومەتی زایۆنیستی ئیسرائیلەوە پەیرەوی لێدەکرێت، بەبێ پاڵپشتی دارایی، سیاسی و تەسلیحاتی و هاوکاریی نزیکی دەزگای هەواڵگری وڵاتانی ڕۆژئاوا ولەسەروویانەوە ئەمریکاو بەریتانیا، هەرگیز مومکین نەبوو. دەوڵەتانی ڕۆژئاوا، لایەنگر نین، بەڵکو شەریکن لە هەموو تاوانەکانی حکومەتی ئیسرائیلدا بەرامبەر بەخەڵکی بێتاوانی فەلەستین و لوبنان و ناوچەکە.

بڕیارنامەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان، وتاری "سۆزدار"ی نوێنەرانی وڵاتانی "پشتیوانی فەلەستین" دژی ئەم کۆمەڵکوژییە، ئیدانەکردنی "توند"یان بۆ جڵەوگرتنی ماشێنی کوشتنی بەکۆمەڵ لەلایەن حکومەتی ئیسرائیلەوە، هەروەها بڕیارنامەکانی کۆبوونەوەی حکومەتە جیاوازەکان لە بریکسەوە تا "کۆمەڵەی وڵاتانی ئیسلامی" لەدژی تاوانەکانی دەوڵەتی ئیسرائیل، هەموویان بەشێکن لەو نمایش و سێرکە قێزەونەی کە ساڵانێکە لە ئارادایە. سێرکێک کەئەمرۆبۆ بەشەریەتی موتەمەدینو ئینساندۆست نەک هەر دووبارەکردنەوەیەکی بێسودە،

بەلکو بێزارکەریشە.

بەڵام جیهان تەنیا گۆڕەپانی ئەو زلهێزانە نییە. لەکەنار تاوانە پلان بۆ داڕێژراو و هەماهەنگەکانی "کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی"ەوە لە دژی مرۆڤایەتی، لەکەنار گەمە دیپلۆماسییەکانی ڕکابەرەکانیان لە بریکسەوە، لەکەنار خراپ بەکارهێنانی ئازارەکانی خەڵکی فەلەستین لەلایەن کۆنەپەرستانی ناوچەکەوە، لە ئێرانەوە بۆ میسر و سعودیە، و، بزووتنەوەیەکی جیهانی بۆ کۆتاییهێنان بەم شێتی و تاوانە بەردەوامە. بزووتنەوەیەک کە ڕزگارکردنی خەڵکی فەلەستین و کۆتایی هێنان بە جینۆساید و سزادانی ئەنجامدەرانی ئەم جینۆسایدە و گرتنی لغاوی دەوڵەتی فاشیستی ئیسرائیل و هاوپەیمانەکانی، کردۆتە سەرلەوحەی ململانێی خۆی. بزووتنەوەیەک کە نزیکەی ساڵێکە بۆ ساتێکیش پشووی نەداوە و ڕۆژانە خۆی دەنوێنێ و بەهێزتر دەبێت. چینی کرێکاری ئیسپانیا بە مانگرتنی ٢٤ کاتژمێری خۆی لەڕۆژی ٢٧ی ئەیلولدا و بە داگیرکردنی شەقامەکانی مەدرید و بەرشەلۆنە، بەخواستی پچراندنی پەیوەندیە دیبلۆماسی وبازرگانی وسەربازیەکان لەگەڵ ئیسرائیلدا، بە توندیهاتنیچینی کرێکاری بۆ نێو ئەم ململانێیەرایگەیاند.

ئەم بزوتنەوەیە ئەمڕۆ لەهەموو کاتێک زیاتر دەتوانێ کۆتایی بە ملیتاریزم، جەنگ، تیرۆریزم و جینۆساید، بە هەوسارپچراندنی فاشیزم و تاوانبارانی جەنگ بهێنێت. چارەنووس و ڕزگاری خەڵکی فەلەستین، ئاسایش و ئارامی لە ناوچەکە و جیهاندا لە دەستی ئەم بزووتنەوەیەدایە و لە سەرووشیەوەلەدەستی چینی کرێکاردایە.

ئێمە، سێ حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ناوچەکە، لەگەڵ هاوپەیمانەکانمان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کار بۆ بەهێزکردنی ئەم جەمسەرە و فراوانکردنی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و لە سەرانسەری جیهاندا دەکەین. ئەمە تاکە ڕێگەی ئینسانی و تاکە ڕێگەی ڕاستەقینەیە بۆ کۆنترۆڵکردنی تیرۆریزمی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی و خودی دەوڵەتی فاشیستی ئیسرائیل وەک هێزێکی بە وەکالەت لە ناوچەکەدا.

**حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق**
**حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان**
**حیزبی حیکمەتیست (خەتی ڕەسمی)**
**٢٨ی ئەیلوولی ٢٠٢٤**

# گۆڕانکاری لە ڕوخساری ناوچەکەدا

## عوسمانی حاجی مارف

**ئەو زنجیرە ڕووداوانەی لە سێپتەمبەری ٢٠٢٤دا بەتایبەتی لە لوبنان بیزاون، دەبێتە هۆی گۆڕانکاری لە ڕووخساری ناوچەکەدا.**

تیرۆری حسن نەسروڵڵا، لەکاتێکدایە کە گرژیەکی بێوێنە لەسەر بەرەی باکوری ئیسرائیل لەگەڵ لوبناندا لەئارادایە، ئەمەش بەردەوامی پەرەسەندنی سەربازی و هاوکێشە نوێیەکان لە چرکردنەوەی لەشکرکێشی و کارەساتی کۆمەڵکوژی و وێرانکاری بێبەزیانەی ئیسرائیل بۆ سەر غەززە و لوبنان نیشان ئەدات، کە هاوسەنگی هێز لە ناوچەکەدا دەگۆڕدرێت، چونکە ئەم ڕوداوە بە پێشهاتێکی مەترسیدار دادەنرێت، سەبارەت بە لێکەوتەکانی لەسەر گۆڕەپانی سیاسی و ئەمنی لە لوبنان و تەواوی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لەهەمانکاتدا ترسی کاردانەوەی توندی حزبوڵڵا و هاوپەیمانەکانی لەلایەک و لەلایەکی ترەوە کۆماری ئیسلامی ئێران لە ناوچەکەدا دروست دەکات، بەمانایەک بەرزکردنەوەی ئاستی دۆخی جەنگ و ئەگەری کێشکردنی ناوچەکەیە بۆ شەڕێکی گەورەو وێرانکەرو کوشتنی بە کۆمەڵ و خوێناوی.

پێشتر بنیامین ناتانیاهو، زنجیرەیەک هەڕەشەی لە دژی ئێران و هێزەکانی سەر بەئێران بڵاوکردەوە. لە هەڕەشەکانیدا حیزبوڵڵای بەتایبەتی هێنایە ئاراوە، "بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە حیزبوڵڵا ڕێگای شەڕی هەڵبژاردوە، واتە ئیسرائیل جگە لە شەڕ هیچ بژاردەیەکی دیکەی نیە". جگە لەوەش حکومەتی ئیسرائیل بانگهێشتکردنی دوو لیوای یەدەگی بۆ بەرەی باکوور ڕاگەیاند، کە ئامادەیە بۆ لەشکرکێشی زەمینی بۆ سەر خاکی لوبنان!، بەمشێوەیە فراوانکردنی داگیرکاریەکانی ئیسرائیلە بۆ دەرچون لەو قەیرانەی لە غەززەدا دەرگیری بووە، کە لەمبارەیەوە بە تیرۆری حەسەن نەسروڵڵا و بەشێک لەسەرکردەکانی حزبوڵڵا، ناتانیاهۆ سەرکەوتنێکی بەدەستهێنا و کاریگەری لەسەر بەرزکردنەوەی کەسایەتی لە ناو ئیسرائیلدا دانا، لە هەمانکاتدا هەلی بۆ هەڵکەوتوە کە درێژە بەم شەڕە دڕندانەیەی بدات.

نەتانیاهۆ، لە ماوەی پانزە ساڵدا، ئیسرائیلی خستۆتە ناو جۆشی وەستانەوە لەبەرامبەر ئێراندا، تا ڕادەیەکی زۆر بەکاری هێناوەو دەرفەتی ئەوەی قۆستۆتەوە بیسەلمێنێت کە بوونی ئێران چەندە مەترسیدارە و هەڕەشەیەکی ڕاستەقینەیە بۆ سەر بوونی ئیسرائیل .

بۆیە هەموو ناکۆکیە سیاسی و

ستراتیجیەکان بەپێی دیدگای ئیسرائیل، هاوکاتە لەگەڵ ئەم هەڕەشانە و مەترسی ئێران بۆ سەریان، ئەگەر لە خەڵک یئیسرائیل پرسیار بکرێت کە زیاتر هەست بە متمانە لەگەڵ کێ دەکات، ئەوا زۆرترینیان ناتانیاهۆ هەڵدەبژێرن، تەنانەت ئەگەر لە چەپ بن یان نەیاری سەرەکی ناتانیاهۆش بن.

گرنگترین پرسیار لەم چوارچێوەیەدا، پێوانەی سەرکەوتن بۆ ئیسرائیل لە شەڕی لوبناندا چیە؟ بەشێک لە خەڵکی ئیسرائیل ئەوە دەبینن کە ئامانجی سەرەکی لابردنی چڕبونەوەو دورخستنەوەی حزبوڵایە لە ناوچەکەدا، بەشێکی تریش زیاتر پێداگری لەسەر سەرکەوتن بە ڕوخاندنی حزبوڵڵا و کۆتایهێنان بە بوونی حزبوڵڵا دەبینن.

لە گۆڕەپانی دیپلۆماسیدا، تەنانەت، ئۆپۆزسیۆنی ئیسرائیلیش دان بەوەدا دەنێن کە چوونە ناو ڕێڕەوی دیپلۆماسی تەنیا دوای نیشاندانی هێز دەتوانرێت ئەنجام بدرێت، بەتایبەتی لەبەرامبەر ئەو ڕێکخراوانەی کە بە ڕێکخراوی تیرۆرستی وەسفیان دەکەن، بەومانایە کاتێ ئامادەی ئەگەری دانوسانن لەگەڵ ئەو هێزانەدا کە تەواو هیلاکیان کەن، هەر بۆیە ئەم ماوەیە ناتانیاهۆ باسێکی لەسەر دانوسان نیەو لە تاوانەکانی بەردەوامە.

ناتانیاهۆ و ئیسرائیل، بە پشتیوانی ئەمریکا و ڕۆژئاوا، پاراستنی ئیسرائیل وەک سەنگەر و قەڵایەک لە بەرامبەر وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستداو لەلایەکی ترەوە وەستانەوە لە بەرامبەر ململانێ و دەخالەتی وڵاتانی زلهێزی وەک روسیا و چین لە ناوچەکەدا حسابی لەسەر دەکەن، لەم بارەیەوە سەرکەوتنی ئیسرائیل لەم شەڕەدا دەبێتە دەستکەوتێکی گەورە بۆ ئەمریکا، کە قەرەبوی بەشێکی گەورە لە شکستەکانی ئەمریکا لە ناوچەکەدا دەکاتەوە.

لە چەند مانگی ڕابردوودا ئیسرائیل بزوتنەوەی حەماسی لاوازکردوە، هەروەها بەشێکی زۆر لە توانا و چەک و سەرکردەکانی حزبوڵڵای لەناوبردوە، کەوەک هێزێکی چەکدار وەها لاوازی کردوە، کە بۆ ئێران زەحمەتە بتوانێت بۆ ساڵانی داهاتوودا هەڕەشەی لە ئیسرائیل پێبکات. لێرەوە دەتوانین بڵێین ئیسرائیل گەورەترین گورزیدا لە هەوڵی بیست ساڵەی ئێران لە بنیاتنانی ئەو هێزە میلیشیایانەی ڕێکیخستبون و دایمەزرانبون.

ستراتیجی ئێران لە ماوەی دوو دەیەی ڕابردودا چڕ بووەتەوە لەوەی کە لەسەر بنیاتنانی ئامرازی کاریگەر لە دەرەوەی سنورەکانی دامەزرێنێت، تا لەو ڕێگەیەوە توانایی بەربەستێک دادەمەزرێنێت کە ڕێگری لە نەیارەکانی دەکات لە هێرشکردنە سەری. ئێران بە قۆناغ چەندین هێڵی بەرگری بنیاتناوە، لە دوای لەشکرکێشی ئیسرائیل لە ساڵی ١٩٨٢لە لوبنانەوە دەستی پێکرد بە دامەزراندنی حزبوڵڵای لوبنان، پاشان لەعێراق کەدوای لەشکرکێشی ئەمریکا لە ساڵی ٢٠٠٣، فراکسیۆنەکانی هێزەکانی حەشدی شەعبی پێکهێنا، هەروەها لە سوریا و یەمەنیش لە دوای بەهاری عەرەبی ٢٠١١ هەوڵیدا بۆ دروستکردن یان پشتگیریکردنی میلیشیا ناوخۆیی و هاوردەکراوەکان، هەڵبەتە حزبوڵڵا هەرە گرنگترین و کارامەترینی دەستکردەکانی ئێرانە. ئێران لە ڕێگەی ئەوانەوە شەڕی بە وەکالەت لە دژی نەیارەکانی دوور لە خاکی خۆی ئەنجامدا، بەبێ ئەوەی خۆی ڕاستەوخۆ تێوەگلابێت.

ئەم ستراتیژە بۆ ماوەی نزیکەی دوو دەیە سەرکەوتو بوو لە ڕاگرتنی ئیسرائیل و ئەمریکا لە هێرشکردنە سەر ئێران، تا ئەو کاتەی لە سێپتەمبەری ٢٠٢٤، ئیسرائیل توانی هێرشی توند بکاتە سەر حزبوڵڵا، کە پێدەچێت هەمان کاریگەری ڕووداوەکانی سێپتەمبەری ٢٠٠١ لەسەر سیستەمی ناوچەیی هەبێت، بەتایبەتی لەسنووردارکردنی ئێران، بەم شێوەیە لە ئاکامدا دۆخی ئێران تەواو دەشێوێنرێت.

ئیسرائیل بەوردی پلانی داڕشتووە بۆ لەناوبردنی سەرکردەکانی حزبوڵڵا و ئەوهێزانەی پاشکۆی ئێرانن لە ناوچەکەدا، ئەم شەڕە لەگەڵ ئەوەی زۆر توندوتیژو خوێناویە، لەهەمانکاتدا زۆربەی هێرشە سەربازیەکان ئاراستەی حزبوڵڵا و سەرکردەکانی و لەناوبردنی چەکەکانیانە، بەڵام بەگشتی لەسەرەتای ئەم هێرشە درندانەیەی ئیسرائیل بۆ سەر غەززەو لوبنان تائێستا بەجیا لە کوشتاری زیاد لە چل هەزاری دانیشتوانی غەززە، ژمارەی ئەو ئاوارانەی کە لەلایەن ئیسرائیلەوە ناچارکران بۆ هەڵاتن زیاترە لە ملیۆنێک، ناسینەوەی ئەم شەڕە پێویستە لەو شوێنەوە لێکدانەوەی بۆ بکرێت کە هێرشی درندانەی ئیسرائیلە بۆ سەر خەڵکی فەلەستین و ڕەتکردنەوەی چارەنوسی خەڵکی فەلەستینە لە خواستی دامەزراندنی دەوڵەتی فەلەستین.

شێوەی خۆبەدورگرتنی حزبوڵڵا لە شەڕی غەززە نەبووە هۆی ئەوەی ئیسرائیل نەیکاتە ئامانج، ناتانیاهو بڕیاری داوە تواناکانی ئەو حزبە نەهێڵێت، دەتوانرێت دوای چەندین خولی هێرش بگوترێ کە زۆربەی سەرکردەکانی بەبێ شەڕ کوژراون و زۆربەی چەکەکانی حزبەکەش لەکاتێکدا لەناو فرۆشگاکانیاندا بون لەناوچوون، ئەمەش دۆخێکی سەختە بۆ حزبوڵڵاو ئێران، کە چۆن بەبێ شکستی تر .لەم دۆخە دێنە دەرەوە

ئێران نەگەیشتووەتە قۆناغێک کە دەستبەرداری حزبوڵڵا بێت، وە دەستبەرداریشی نابێت، تەنها کاتێک نەبێت کە گۆڕانکاریەکی گەورە لە تاران رووبدات، چونکەحزبوڵڵا گرنگترین سەروەت و سامانی سەربازی کۆماری ئیسلامیە لە دەرەوەی ئێراندا، هەربۆیە ئیسرائیل هەوڵ ئەدات لەڕێگەی چڕکردنەوەی لێدانەکانی لە حزبوڵڵا بەجیا لەوەی دەیەوێت حزبوڵڵا کۆتایی پێبهێنێت، لەهەمانکاتدا لە هەوڵی ئەوەدایە ئێران کێشکات بۆ ناو شەڕەکەو لەم ڕێگەیەوە دۆخەکە زیاتر بخاتە ناو چوارچێوەی شەڕێکی ناوچەیی و فروانەوە، ئەوەی جێگای سەرنجە لەم هەلومەرجەدا ئەوە تەنها ئیسرائیلە کە

هەڵگیرسانی ئەم شەڕە لە ناوچەکەدا بۆ بەرژوەندیەکانی حساب دەکات و پێداگری لەسەر شەڕی ناوچەیی فراوان دەکات.

پێشبینی دەکرێت ئێران زیاتر هەوڵبەدات ئاستی ململانێکانی لە دژی ئیسرائیل کەم بکاتەوە و بەقازانجی نیە بگلێتە ناو شەڕێکی فراوانەوە، سەرکردایەتی ئێران بۆ خۆیان ئاگاداری ئەوەن کە هاوسەنگی هێز لەبەرامبەر ئیسرائیلدا لە قازانجیان نەماوە. شەڕی لەگەڵ ئیسرائیلدا چوار ڕاستی ئاشکرا کرد: یەکەمیان ئەوەیە کە ئیسرائیل توانای ئەوەی هەیە شەڕێکی درێژخایەن ئەنجام بدات، ئەگەری ئەوە هەیە ئەم شەڕە نزیکەی ساڵێک بخایەنێت. دووەم: بیروڕای گشتی ئیسرائیل گۆڕاوە و تارادەیەک پاڵپشتی شەڕەکە دەکەن، لە ئەنجامی ئەمەشدا نەتانیاهۆ، بوو بە سەرکردەیەکی مێژوویی لەنێو بەشێکی زۆری هاووڵاتیانیدا. سێیەم: ئیسرائیل زۆر گرنگی بە زیانە مرۆیەکانی نەداوەو نادات، بەبیانوی ئەوەی کە هەزاران کوژراو لەنێو ڕیزەکانیدا ڕوویانداوە. چوارەم: شەڕی ئێستا ئەو ڕاستیەی پشتڕاست کردەوە کە ئیسرائیل بۆتە هێزێکی سەربازی بەتواناو بێڕکابەر لەناوچەکەداو ئەمریکاو ڕۆژئاوا پشتیوانی جدی لێدەکەن.

کاتێک بزووتنەوەی حەماس ئۆپەراسیۆنی لافاوی ئەقسای دەستپێکرد، لە ئەنجامدا، ئاشکرابوو کە پەرچەکرداری وێرانکاری ئیسرائیل لە سەر غەززەو دواتر هێرش بۆ سەر لوبنان، ئێران هەموو ئەو هێزو گەنجینانەی لەدەست ئەدات کە لە ماوەی دوو دەیەدا دروستی کردون، ئەگەر شەڕەکە نەشگاتە ناوخۆی ئێران،بەڵام پێگە و هاوسنگی هێزی ئێرانی تەواو هێناوەتە خوارە، هەروەها مەترسی کۆتایی دەسەڵاتەکەشی ئەگەرێکە.!

بەشێوەیەکی بێوێنە لە دوای ڕووداوەکانی ۱۱ی سیپتەمبەری (۲۰۰۱)ەوە. لە ماوەی دوو دەیەی ڕابردودا، ئێران سودی لە جەنگی کەنداوی دووەمی ئەمریکا وەرگرت، کە لە ئەنجامدا دوو دوژمنی سەرەکی ئێران لە ناوچەکەدا (ڕژێمەکانی تاڵیبان لە ئەفغانستان و سەدام حوسێن)ی ڕووخاند، ئەتوانین بڵێین کە دوای شۆڕشەکانی بەهاری عەرەبی و دەخالەتی ڕۆژئاوا و ئەمریکا لە گۆرینی ڕێرەوی ئەو شۆرشانە بەرەو شەڕی ناوخۆ. دۆخی سیاسی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەجۆرێک ئاڵوگۆڕی بەخۆوە بینی، لەلایەک مایەی پشێوی و ناجێگیری سیاسی و کارەساتەکانی فەراهەمهێنا لە ناوچەکەدا، لەلایەکی ترەوە دەرگای بۆ کۆماری ئیسلامی ئێران ئاواڵەکرد، کە نفوزی خۆی بەرفراوانکاتەوەو گروپ و هێزی چەکدار جێنیشین بکات، بەڵام بەدوای هێرشەکانی ئیسرائیل بۆ سەر غەززەو باشوری لوبنان، دوای ئەوەی ئیسرائیل توانی هێڵی بەرگری ئێران لە هەموو گۆشەکانەوە لاوازبکات و یەک لە دوای یەک هاوپەیمانەکانی ئێران لاوازو بێکاریگەر بکات، ئیتر هیچ شتێک نیە ڕێگری بکات کە ڕاستەوخۆ ئێران بکاتە ئامانج، ئەگەرچی ئێران لەلای خۆیەوە پێیوایە ئەگەر خۆی لە چوونە ناو ڕوبەڕوبونەوەیەکی ڕاستەوخۆ بەدوور بگرێت لەوانەیە لە ژیاندا بمێنێتەوە، بەڵام واپێدەچێت ئیسرائیل بەم ئاستەی ئێستا واز لە جمهوری ئیسلامی نەهێنێ چ بە پەلکێشکردنی بۆناو جەنگێکی ڕاستەوخۆ یاخود بە سەپاندنی کۆمەڵێک مەرج بە هاوکاری ئەمریکاو رۆژاوا بەسەریدا کە باڵادەستی ئێران لەناوچەکەدا کۆتایی پێبێنێت و بگرە ئەگەری ئەوەش فەراهەم بکات کە دەسەڵاتەکەشی ڕوبەرووی لەناوچوون بێتەوە!

لەڕاستای هەڵگیرسانی جەنگێکی فراوانی وێرانکەرو قوربانیەکی بێشومار لە خەڵکی سڤیل و بێتاوانەوە، گۆڕانکاری لە ڕوخساری ناوچەکەدا مانای چونە ناو دەورەیەکی تر لە ململانێ سیاسی نێوان ووڵاتانی زلهیزی دنیاو خولقاندی شێوازێکی نەرێنی تر، لە چرکردنەوەی گێژاو و ناجێگیری سیاسی لەناوچەکەدا بەگشتی و لە ئێراندا بەتایبەتی، پێشبینی دەکرێت.

ڕێرەوی بەرگرتن بەم کوشتارگایەی ئیسرائل بەرێیخستوە وگرنگترین هەلوێست و کاردانەوەی کاریگەر بۆ بەرگرتن بەم شەڕە، فراوانکردن و بەهێزکردنی بەرەی دژی داگیرکاری و هێرشەکانی ئیسرائیلە لە جیهاندا کە بەرامبەر خەڵکی فەلەستین و ناوچەکە ئەنجامی ئەدات.

☆

**حکومەتی ئیسرائیل کە هیچ جیاوازییەکی نییە لەگەڵ ڕژێمی فاشیستی هیتلەردا، لە قەیرانێکی سیاسی قووڵدایە وفراوانکردنەوەی شەڕ بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە تاکەڕێگای دەربازکردنی خۆی لەو بنبەست و قەیرانە سیاسیەی تێیکەوتوە و بۆ بەردەوامیدان مانەوەی دەزانێت. تیرۆر لە سوریا و تاران، نانەوەی بۆمب و ئیستفزازی سەربازی و سەرەنجام دەستبردن بۆ هێرشی سەربازی بۆ سەر لوبنان، هەڕەشەکردن لە ئێران و عێراق بە پەلاماری سەربازی و بۆردومانکردن، لەلایەنخودی ناتانیاهۆ و بەرپرسە سەربازییەکانیەوە.. ئەمانە هەموویان لە هەوڵە بێئاکامەکانی حکومەتی ئیسرائیل بۆ بەردەوامیدان بەمانەوەی خۆی و لەم پێناوەشدا ئامادەیە ئاگر لە جیهان بەربدات.**

# ناڕەزایەتی سەدان هەزاری لەندەن بەدژی جینۆسایدی ئیسرائیل لەلوبنان و فەلەستین




ڕۆژی ٥ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٤ لەسەر بانگەوازی بزوتنەوەی دژی شەڕ، بەبەشداری ئازادیخوازان و مرۆڤدۆستان، چەپ و کۆمۆنیستەکان، یەکێتیە کرێکاریەکانی تیوسی و پی سی ئێس و یەکێتی خویندکارانی زانکۆو ڕێکخراوەکانی ژنان و مرۆڤدۆست و پیشەییەکان، گروپەکانی جولەکەو ڕێکخراوەکانی لاوان، لەلەندەن مارشێکی ناڕەزایەتی گەورە سازدرا.

دروشمەکانی؛ نا بۆ جینوسایدی ئیسرائیل لە لوبنان و غەزەو ناوچەکە، وەستانی هێرشەکانی ئیسرائیل بۆسەر غەزەو لوبنان، نا بۆ ناتانیاهۆ، نا بۆ ئەمریکاو نا بۆ بەریتانیاو نا بۆ هاوکاریەکانی ئەمریکاو بەریتانیا بۆ حکومەتی ئیسرائیل، بەڵێ بۆ ئازادی فەلەستین، هاوکاریەکانی ئیسرائیل دەبێت بوەستێت، دەرکردنی باڵیۆزی ئیسرائیل بەهۆی هاندانی بۆ جینۆساید، کوشتاری منداڵ بوەستێنن، ستارمەر دەستەکانی خوێناوین، نا بۆ فراوان بوونەوەی جەنگ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بەڵێ بۆ ڕاوەستانی جەنگ هەر ئێستاو نا بۆ پرچەککردنی ئیسرائیل ....

هەروەها ڕێکخراوی کرێکارانی تی یو سی لافتەیەکی گەورەی بەرزکردبۆوە کە بانگەوازی کردبوو؛ لە ١٠ی تشرینی یەکەمەوە بانگەوازی مانگرتنی گشتی دەکات بۆ وەستاندنی کۆمەڵکوژی ئیسرائیل لە غەززە! وا لە حکومەت بکەن چەک بۆ ئیسرائیل بوەستێنێت! دان بە دەوڵەتی فەلەستین بنێت!

ئەم کۆبوونەوە لە ڕەسڵ سکوێرەوە ١٢ی نیوەڕۆ بە کۆبوونەوەی فراوان بەرەو وایت هاڵ کە تا ٤ی نیوی پاشنیوەڕۆ بەردەوامبوو.

هەروەها لە ڕێکخستنی بەریتانیای حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان بەشداری کراو، لەگەڵ حزبەکانی؛ حزبی کۆمۆنیستی بەریتانیا و وۆرکر لیبریتی قسەوباسکرا کە لەسەر هەلومەرجی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جینۆسایدی خەڵکی فەلەستین و لوبنان و ئائەمنی ناوچەکە، و بڕیاردرا کە قسەباسی زیاتر بکرێت.

بەشداربوان بەجیا لە قسەوباسی پۆلیس و دەزگا فەرمیەکان بە ٣٠٠ هەزار کەس خەمڵێنراوە، بەڵام بەپێی قسەوباسی بەشداربوان لە ڕێکخراوەو ڕۆژنامەنوسان و تەلەفیزیۆن و ڕۆژنامەکان کە لێمان پرسین دەگاتە نیوملیۆن و زیاتریش.

هەروەها ئەم ماوەیە ئەم هاوکاتی ئەم ناڕەزایەتیە بەدژی فراوانکردنەوەی دامنەی هێرشەکانی ئیسرائیل لە غەزەوە بۆ لوبنان و هەڕەشەکانی بۆ فراوانکردنەوەی ئەم کوشتارانەی بۆ وڵاتانی ناوچەکەو هەڕەشەیان بۆ کردنی ئێران بە غەززەو لوبنان، ناڕەزایەتی لەسەراسەری دنیا بەڕووی ئیسرائیل و هاوکارانی لەئەمەریکاو وڵاتانی ڕۆژئاواو سەرانیان لە فراوانبوونەوەدایە.

هەروەها لەسەر ئاستی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەفریقادا ڕاگەیاندنی هاوبەشی دەیان حزب و ڕێکخراوی کرێکاری و چەپ و کۆمۆنیستی و بەبەشداری حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان، بەدژی کوشتارو جەنگی ئیسرائیل لەناوچەکەدا بڵاوکراوەتەوە.

★

**سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی :**
**عوسمانی حاجی مارف**
مۆبایل:00964(0)7701570050
Email:
Osman_maruf@yahoo.com

**سەرۆکی مەکتەبی سیاسی: خەسرەو سایە**
00964(0)7701521043
Email:
saya.xasraw@yahoo.co.uk

**ڕێکخراوی دەرەوە: دەشتی جەمال**
Mob: 0044(0)7856032991
Email: dashtyjamal@gmail.com

**بەرپرسی سکرتاریەتی مەکتەبی سیاسی:**
**جەمال موحسین**
0047(0)47276028
Email:krtariati.ms@gmail.com